# تارمایی مەرگ

بەختیار محەمەد

هەندێ جار لە کاتی بێ دەنگی و لە کاتی تەنیاییدا مەرگ لە شێوەی تارمایی خۆی پێمان نیشان دەدا: تارمایی مەرگی ئەوانی دیکە. زۆربەی جار مەرگ ئەو کاتانە خۆی پێمان نیشان دەدا، کە ئێمە لە ژیان بێزارین (وەک دەزانین ئێمە لە ڕووی بایۆلۆژیشەوە، کە پیر دەبین لە ژیان بێزار دەبین)، یان لەبەر کێشەی قووڵی سایکۆلۆژی (دڵتەنگی، دڵەڕاوکێ، فۆبیا...) ئاگامان لە ژیان نامێنێ. مەرگ خۆی - بە مانا مەجازییەکەی - خەوتنی ژیانە: خەوێکی قووڵی ئەبەدی (ترس لە مەرگیش، جگە لە لایەنە غەریزییەکە، لە جەوهەردا دەلالەت لە بێزاری لە ژیان دەکا، واتە ئێمە کە لە ژیان نائومێد دەبین لە مەرگیش دەترسین، چونکە هێشتا ژیانی خۆشی ڕاستەقینەمان نەدیتووە و دەمانەوێ زیاتر بژین).

لویس ڤانسان تۆماس دەڵێ: «ئەگەر ئێمە ژیانمان خۆش ویست و ڕکمان لە مەرگ بووەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە ئێمە بەڕاستی ژیانمان خۆش ناوێ».(١) من لەمەدا وای بۆ دەچم، کە لویس ڤانسان بە مانا و هاوکێشە فیزیکییەکە باسی ژیان و مەرگ بکا، واتە مادەم مەرگ هەیە، ئێمە دەبێ ژیانمان خۆش بوێ، واتە مەرگ دەلالەت لە بوونی ژیان دەکا، لێرەشەوە مەرگ تەواوکەری ژیانە. یاسا سروشتییەکەی ژیان وامان پێ دەڵێ؛ پێمان دەڵێ، کە ئێمە دەبێ لە ڕوانگەی حەقیقەتی مەرگەوە ژیانمان خۆش بوێ و «ڕکمان لە مەرگ» نەبێتەوە؛ بەو پێیەی مەرگ مەرجی بوونی ژیانە (یان با بڵێین شوناسێکی بوونی ژیانە، واتە ژیان چۆن دەناسرێتەوە، ئەگەر مەرگ نەبێ؟ لە هاوکێشەی بوونی سروشتی ئێمەدا ژیان و مەرگ هەیە.

ڕاستییەکەی ئێمە تا وێنای عەدەم نەکەین، هەست بە



ویل دیۆرانت

بوونی حەقیقەتی ژیان ناکەین. ئایا ئەگەر مەرگ نەبوایە بە ژیانمان دەگوت (ژیان)، یان (حیـاة)، یان (life)؟ ئاخۆ ئەوسا ژیان چ شتێکی دیکەی پێ دەگوترا؟ باشە ئەگـەر (ژیان)یشی پێ بگوترابا، بەڵام چۆن (بە بێ مەرگ) وێنامان دەکرد؟ ئایا ئێمە نەدەبووینە خواوەندانی ڕاستەقینە؟ (دەشێ ئەگەر مەرگ نەبا، ئێمەش بباینە خواوەند). ئەی خواوەندە ئەفسانەییەکان دەلالەت لە ژیانێکی لەم شێوەیە ناکەن، کە ئێمە لێرە بە گریمانە باسی دەکەین و وێنای دەکەین؟ ئەو ژیانەی کە لەسەر حسابی مەرگ مرۆڤی فێرە داهێنان کردووە: ئەدەب و هونەر و ئەفسانە و ئایین و زانست... هێمان بۆ خەونی بەدەستهێنانی ئەم ژیانە: ژیانی بە بێ مەرگ. هیچ داهێنانێک نییە لەم چییەتییە بەدەر بێ؛ کەواتە ترس لە مەرگ بەندە بە ئەوپەڕی چییەتی ژیانەوە. لێرەوە ئێمە بۆیە لە مەرگ دەترسین، چونکە لە خودی ژیان خۆی دەترسین، واتە دەترسین لەوەی ژیانمان بە شێوە سروشتییەکەی بەردەوام نەبێ و بایی پێویست نەژین، واتە ئێمە بۆیە لە مەرگ دەترسین، چونکە ژیانمان زۆر خۆش دەوێ. بەو پێیە هەر کاتێک لە ژیان بێزار بووین، دەشێ لە مەرگیش نەترسین؛ وەک ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن و لە مەرگ ناترسن؛ بەڵام دیارە هەمیشە ژیان هیوایە، مەرگیش عەدەمە (بە ڕواڵەت لێرە ناودژێک هەیە: لە ژیان بێزار بین لە مەرگ دەترسین و لە ژیان بێزار بین لە مەرگ ناترسین. لە حاڵەتی یەکەمدا تێرنەبوون هەیە، لە حاڵەتی دووەمیشدا نائومێدییەکی ڕەها هەیە؛ کەواتە لێرە بێزاری دوو واتا و دوو وەزیفەی هەیە: ئومێدی و نائومێدی).

پێشدەچێ ئەو کاتانەی کە لە ڕووداوێکدا بە فیعلی و بە واقیعی ڕوو بە ڕووی مەرگ (مردن) دەبینەوە، لێی نەترسین؛ واتە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی حەتمی مەرگ ئازایەتیمان پێ دەبەخشێ. لێرەدا مەرگ دەبێتە ئەمری واقیع، بۆیە ژیان بە هەموو توانایی و هێزی خۆی بەرەنگار و ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە. لێرەدا هێزی ئیرۆس بەرانبەر بە هێزی تاناتۆس بەدەردەکەوێ. ژیان هەمیشە هەوڵ دەدا ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی لە بەرانبەر دەسەڵاتی مەرگدا نیشان بدا. لەمەوە ژیان ناتوانێ مانای فەلسەفی هەبێ، ئەگەر لەگەڵ مەرگ نەجەنگێ (ئا ئەمە جەوهەری بوونە: جەنگ لەگەڵ مەرگ).

ئێمە ئەو کاتانەی ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبینەوە، یان دەبێ لەبەری هەڵبێین، یانیش یەخەی بگرین (یەخەمان بگرێ). لەم حاڵەتەدا هیچ چاریش نییە، یان خۆمان لە مەرگ دەپارێزین، یان ئەو زەفەرمان پێ دەبا. مەرگ ون بوونێکی ئەبەدییە، کە هیچ زەمەنێک ناناسێ. زەمەنی مەرگ زەمەنی بێ کۆتاییە (واتە زەمەنی عەدەم = عەدەم زەمەنێکی نازەمەنی ڕەهایە). لێرەدا ئایین (ئایدیالیزم) زەمەنی بێ کۆتای خەیاڵیی میتافیزیکا دادەهێنێ: مەرگ تەنیا لەناو زەمەنی میتافیزیکادا ون دەبێ. چەمکی بەهەشت (نەمری) لە ئایینەکاندا ئەم واتایە دەگەیەنێ: مرۆڤ بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا مەرگ ڕەت بکاتەوە؛ ڕەمزێکی کۆمەڵایەتیش بۆ ڕەتکردنەوەی مەرگ، داهێنان و دانانی پرسەیە «پرسە ماوەیەکە لە ژیان، کە دەبێ هەموومان تێیدا بژین...».(٢)

* * *

هیچ شتێک لە بێ دەنگی پاش مەرگ سامناکتر نییە: ئەو بێ دەنگییەی، کە لە پاش خەم و پەژارە و ژاوەژاو و هەراوهۆریا و گریان و شین و شەپۆڕی پرسە لە دایک دەبێ. پاش تەواوبوونی پرسە، بێ دەنگییەکی سامناک ڕوو لە هەموومان دەکا. ئەم بێ دەنگییە لە وێناکردن و لە خەیاڵکردنی ڕابوردووی زیندووی نزیکی کەسی مردووەوە

لە دایک دەبێ. ئەم بێ دەنگییە سامناکە لە تارمایی ئێستای ئامادەی کەسی مردووەوە دێ، کە بەردەوام لەگەڵماندا دەژی. وێنای تارمایی کەسی مردوو (ڕاستەوخۆ لەدوای پرسەوە) هەم سۆزێکی قووڵ، هەم ترس و سامناکییەکی زۆرمان پێ دەبەخشێ: سۆز بۆ ژیانی لەدەستچووی کەسی مردوو، ترس و سامناکیش لە هەڕەشەی ڕەهای مەرگ، کە حەتمەن بۆ لای هەموومان دێ (ئایا چەمکی ڕوحیش لە ئایینەکاندا ئەم تارمایییە ناگەیەنێ؟).

لەدوای تەواوبوونی پرسەی هەر کەسێکی نزیکمان، مەرگ لە هەموو کاتێک زیاتر لێمان نزیکترە. لێرەوە مەرگ (عەدەم) بێ دەنگییەکی سامناکمان پێ دەبەخشێ. هیچ شتێک هێندەی مەرگ کەسی مردوومان لا خۆشەویست ناکا، چونکە مەرگ عەدەممان پێ نیشان دەدا؛ واتە دوژمن و دژەکەی ژیان. ئەم حاڵەتە لە هەموو کەسێک زیاتر لە مەرگی سەرکردە و کەسایەتییە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییە خۆشەویستەکاندا بەدی دەکرێ. لە مەرگی ئەم جۆرە کەسایەتییانەدا، مەرگ هەموو تاکەکانی خێزان و خێڵ و کۆمەڵگە و گەل دەتاسێنێ (بێ گومان کەسایەتییە گەورە ئەدەبی و هونەرییەکانیش دەچنە ناو ئەم خانەیەوە. مەرگ لێرە کەرنەڤاڵە، کە دەبێ هەموومان تێیدا بەشدار بین؛ ئەو کاتانەی، کە زیندووشین دەبێ ڕوحیانە و ڕەمزییانە لەکاتی پرسەدا تێیدا بەشدار بین. ئێمەی زیندوو بۆ چەند ساتەوەختێک لە دەروازەی تەقسی پرسەوە، دەچینە ناو جیهانی مەرگەوە: لەوێ ژیان و مەرگ تێکەڵی یەکدی دەکەین. مەرگ دەبێتە ژیان و ژیانیش دەبێتە مەرگ، ئا ئەمە مانای گەورەی کەرنەڤاڵی پرسەیە: ئیرۆس بە هەموو هێزی خۆی و لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا، ڕووبەڕووی تاناتۆس دەبێتەوە. لەمەوە پرسە ژیانە ئەو کاتانەی کە لە گوناحی مەرگ خۆی پاک دەکاتەوە). تەنیا چەند سەعاتێکیش لە دوای کۆتایی هاتنی پرسەکە، هەموومان هەست بە تامی ژەهری مەرگ و عەدەم دەکەین؛ ئەو مەرگ و عەدەمەی ناوە ناوە بێ دەنگییەکی سامناک بە ڕوح و بە بوونمان دەبەخشێ. ئاخۆ چ شتێک لە دیمەنی گۆڕ زیاتر هێمای ئەم بێ دەنگییە قووڵە سامناکەیە؟ کێ هەیە کە لە نیگاکردنی گۆڕدا هەست بە قووڵایی ڕەهای عەدەم و بە بێ دەنگییەکی ڕەهای سامناک نەکا؟ لەم ساتەوەختەدا هەموومان دەمانەوێ لە دەست عەدەم و بێ دەنگی (کە بۆنی مەرگی لێ دێ) هەڵبێین و بە دوای بچووکترین ئومێدی فریادڕەسی ژیان بکەوین. لەم ساتەوەختەدا هەموومان هەست بە بەختەوەرییەکی پڕ لە هەستی ئۆخژنی و گوناح دەکەین، کە ئێمە هێشتا نەمردووین و زیندووین (هەستی گوناح لە ئاست ئەوەی، کە ئەوان بۆ مردوون؟ بۆ وەک ئێمە زیندوو نەبن؟ {هەمیشە بەراوردکردن لە نێوان ژیان و مەرگدا، هەستی بەزەیی و گوناحمان پێ دەبەخشێ: بۆ ئەو مرد؟ خۆزگە جارێ نەمردبایە! زۆرترین بەزەیی مەرگی ئەوانی دیکەی ناسیاو پێمانی دەبەخشێ. ئەو بەزەیییەی بەدەر نییە لە شۆک و ترس لە مەرگ. ئەم بەزەیییە بەزەیییەکی ئەنتۆلۆژییە}). بەڵێ مەرگ بەم شێوەیە دیاردەیەکی سروشتی سەرسوڕهێن و سامناکە.

ئێمە بە بێ ئەوەی بزانین لە شین و شەپۆڕ و گریانی کەسە مردووەکانماندا، شین و شەپۆڕ بۆ ترسی گریمانەی مەرگی خۆشمان دەکەین: ئێمە هەرچەندە دەشزانین کە حەتمەن دەمرین، بەڵام هەرگیز ئێستا لەم ساتەوەختەدا نامانەوێ دان بەم ڕاستییە ڕەهایەدا بنێین؛ ئەمەش نهێنییەکی هێزی بەردەوامی ژیانە «مرۆی هاوچەرخ بە شێوەیەک ڕەفتار دەکا، وەک بڵێی دوورە لە مەرگ و سەلامەتیشی لەلایەن دەزگا تەکنۆکراتەکانەوە مسۆگەرە...». (٣) ئێمە هەرگیز نامانەوێ مردووەکانمان لەبیر بکەین، نەک هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە خۆشمان دەوێن، بەڵکو لەبەر ئەوەشە، کە لە هەڕەشەی حەتمی مەرگ دەترسێین. بە شێوەیەکی دیکەش (نەستانە) دەمانەوێ بڵێین، کە «ئۆخەی» هێشتا ئێمە زیندووین و لە ژیاندا ماوین. لە گەرمەی ساتەوەختی مەراسیمی پرسەدا، خۆشترین ساتەوەختی ناو ناخ و نەستمان ئەوەیە، کە ئێمە هێشتا نۆرەی مردنمان نەهاتووە و زیندووین؛ کاتێک لە خەیاڵماندا خۆمان بە کەسی مردوو بەراورد دەکەین (جگە لە هەندێک حاڵەتی هەستی خۆبەختکردن نەبێ، کە کەسێک لە ئاکامی عەشق و خۆشەویستی بۆ کەسێکی دیکە: سەرکردە و دڵبەر، دایک و باوک... خۆزگە دەخوازێ لە شوێنی ئەواندا بمردبایە. ئەم هەستەش تا لە هەڵوەستی کردارەکیدا ڕوو نەدا و بەدەرنەکەوێ، ڕاستگۆیییەکەی بە تەواوی دیار

نییە و بەدیار ناکەوێ). لەم بارەیەوە لویس ڤانسان تۆماس دەڵێ: «مەرگ بەشداری دەکا لە واتابەخشین بە ژیان؛ واتە ئەو کاتانەی ئامادەین لەپێناو دۆزێکی دادپەروەرانەدا قوربانی بە ژیانی خۆمان بدەین».(٤)

مەرگ لە ئایینەکاندا بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دەدرێ. مەرگ یەکێکە لە کۆڵەگە فەلسەفییەکانی باوەڕی ئایین. لەم ڕوانگەیەوە ئایین هێزی ژیانە بەرانبەر بە هێزی مەرگ (ئەم هێزە دەشێ لە حاڵەتە ڕوحییەکاندا خۆی بەرجەستە بکا). دەشێ بڵێین ئیمانی ئایین لە بنەڕەتدا بریتییە لە تێگەیشتن لە پرسی مەرگ و خۆڕزگارکردن لەم چارەنووسە تاڵە حەتمییە، هەر بۆیە گەورەترین پرەنسیپی خواپەرستیش (بە ئیمان و سرووت و فەرمایشت و یاسا و باوەڕ و ئەخلاقەوە) بریتییە لە دیاردەی مەرگ. لە قورئاندا ئایەتێک هەیە دەڵێ: «کل نفس ذائقة الموت»، لە مەسیحییەتیشدا مەسیح لە پاش سێ ڕۆژ لە لەخاچدانی لە گۆڕەکەیدا قیت دەبێتەوە و هەڵدەکشێ بۆ ئاسمان، بۆ لای بارەگای خوای باوکی. ئەمە گەورەترین پرەنسیپی باوەڕی ئایینی مەسیحییە؛ لە دەرەوەی ئەم باوەڕەدا مەسیحییەت (کاسۆلیک) هیچ مانایەکی نامێنێ. هەمووشمان چیرۆکە ئەفسانەییە گەورەکەی بوودامان لەبیرە، کە چۆن خەیاڵی مەرگ دەیکاتە ئەو کەسایەتییە ئایینییە و لە پایەی خوا نزیکی دەکاتەوە؛ بەڵکو «ئەو خۆی لە خواوەندانیش بە باڵاتر دادەنێ».(٥) لەمەش واوەتر ئەو «مامۆستای خواوەند و مرۆڤ»یشە.(٦) لە ئاکامدا ئەو دەگاتە نیرڤانا و ئیدی بوونی نامێنێ. (٧) ئەو «دان بە بوونی یەک خواشدا نانێ».(٨) ئەو دەشڵێ: «مەرگ بە دەستێکی پۆڵایین خاوەنی جیهانە، هەرگیز هیچ شتێک: نە هەوا، نە دەریاکان و نە ئەشکەوتەکان و نە هیچ شوێنێک لە گەردووندا لە دەستی داڵدەمان نادەن».(٩) هەمووشمان دەزانین، کە لە میتۆلۆژیای گریکیدا خوای مەرگ واتا و وەزیفەی لە کۆڕی خواوەندانی ئۆڵمپسدا چییە، هەروەها دەشزانین کە لە ئایینی زەردەشتیدا ئاهورامەزدا (ڕووناکی = چاکە = ژیان) چۆن لە بەرانبەر ئەهریمەن (تاریکی = شەڕانگێزی = مەرگ)دا دەوەستێتەوە. لای میسرییە کۆنەکانیش سرووتێک هەیە پێی دەگوترێ سرووتی پەڕینەوە لە ئازاری (موعاناتی) مەرگ. لەم سرووتەدا پرۆسەی تەرخانکردن هەیە، کە دەبێ تەرخانکەر لە ئازاری (موعاناتی) مەرگ بپەڕێتەوە. ئەوان کتێبێکیشیان بە ناوی «کتێبی مردووان» هەیە.(١٠) لەم کتێبەدا بە وردیش باسی (وەسفی) جیهانی دوایی (ئاخیرەت) کراوە. ئەوەی جێی سەرنجە تیبتییەکانیش هەمان کتێبیان هەیە. لای میسرییەکان (چونکە باوەڕی تەواویان بە ژیانی دنیایەکەی دیکە هەیە) مەرگ بۆنێکی خۆشیشی هەیە: «ئێستا مەرگ بە نیسبەت منەوە وەک بۆنێکی خۆش وایە».(١١) لای هیندۆسەکانیش باوەڕی دۆنای دۆن دەلالەت لە نەمریی دەکا «نزیکەی هەموو ڕێنماییە ئایینییە - فەلسەفییەکانی هیندی، بیرۆکەی گواستنەوەی ڕوح، دووبارە لەدایک بوونەوەیان تێدایە... جەوهەری تیوری دووبارە لەدایک بوونەوە». (١٢) سیخەکانیش وەک بوودایی و هیندۆسییەکان پێیان وایە «مرۆڤ بە زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لەدایک بووندا تێدەپەڕێ».(١٣)

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ولیەم دیۆرانت دەڵێ: «مەرگ ئەسڵی هەموو ئایینەکانە».(١٤) دەشڵێ: «ئایین لە زۆر ڕووەوە لەلای مرۆڤ نایابترین شێوازی ڕاڤەکردنی ژیانە و تاکە ڕێگەی پاراستنیشیەتی لە مەرگ». (١٥) هەر لەمەشەوە لە نهێنی مانەوە و بەردەوامبوونی ئایینەکان تێ دەگەین؛ ئەو بیروباوەڕەی کە پێوەندی تەواوی بە جەوهەری ژیانی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤ کە هەرگیز نەیتوانی ببێتە خواوەند، لە ڕێگەی باوەڕی ئایینەوە خواوەندی بۆ خۆی داهێنا. لێرەوە بە مەرامی خەونی نەمری گەیشت. ئا ئەمە گەوهەری کرۆکی هەموو ئەفسانە و ئایینەکانە. لێرەش بۆ ئەوەی مرۆڤ نەمریی بۆ خۆی بەدەست بهێنێ، بیری لە پەرستنی خواوەند (بوونەوەری ڕەهای نەمر) کردەوە؛ ئا ئەمە سەرچاوەی مێژووی پەرەستاندنی یاساکانی خواپەرستی (ئایین) بوو. بە کورتی مرۆڤ خوا دەپەرستێ، تا نەمری بکا (زیندووی بکاتەوە)؛ چەمکی بەهەشت و دۆزەخ، کە پابەندن بە چەمکی چاکە و خراپە لەم دنیایەدا، سەد لە سەد ئەم خەون و حەزی نەمرییە لە مرۆڤدا دەگەیەنن. هەڵبەتە لێرەدا ئایین هەر تەنیا ئەم وەزیفە میتافیزیکییەی نییە، بەڵکو ئەرکی ئایین ئەرکێکی زۆری ئەخلاقی و مرۆیی دنیاییشە، واتە ئایین ئەوەندەی بایەخ بە جیهانی میتافیزیکا دەدا زۆر لەمەش زیاتر بایەخ بە جیهانی

واقیع دەدا. ڕاسـتـیـیـەکـەی لە فـەلسـەفـەی باوەڕی ئایینەکـاندا واقـیع و مـیـتـافـیـزیکا، ئامـراز و ئامـانجی یەکـتـرن، بەڵکو پـتـر مـیـتـافـیـزیکا ئامـرازی ژیانی واقـیـعـیـیـە، وەک لەوەی واقـیـع ئامـراز و پردێکی بەدیهێنانی خەونە میتافیزیکییەکان بێ. با بەشێوەیەکی دیکە بڵێین: ئایین (میتافیزیکا) لە بنەڕەتدا (بەتایبەتی لەڕووی ڕوحی و ئەخلاقییەوە) بۆ باشترکردنی واقیعی ژیانی مرۆڤ و مـرۆڤـایەتـیـیـە. لێـرەوە ئایین بەرهەمی واقیعی ماددی و واقیعی فیکری مرۆڤایەتییە: مێژووی پەرەسـتـاندنی ئایینەکـان ئەوەمـان پێ دەڵێ: مـرۆڤ بۆ ئەوەی لەسەر زەویدا کۆتایی بە حەقیقەتی سنوورداریەتی ژیانی خۆی بێنێ، تەماشای ئاسمان دەکا؛ ئەو ئاسمانەی گـۆڕەپانی خـەیاڵی بەرهەمـهـێنانی هەمـوو ئەفـسـانە و ئایینەکانە (بە زانستی نوێی فەلەکناسیشـەوە). هەڵبەتە ئاسـمان دەروازەی (ڕوحی) گـەورەی گەردوونە، کە دەبێ لەوێوە تەماشای مانای بوون بکەین. ئەو بوونەی کە بۆ ئێمەی مرۆڤ لوغزێکە و هەرگیز لێی تێ ناگەین. لەمەوە ئایین دێ بە ڕێگەی خەیاڵیی ئاسـان وەڵامی ئەم کـێشـە (پرسیارە) گەورە ئەزەلی و ئەبەدییە بێ وەڵامە دەداتەوە: خواپەرسـتی کـۆتایی بە پرسـیـار و کـێشـەکـانی ژیان و گەردوون و بوون دەهێنێ.

* * *

خـواردنی بەری درەخـتی زانینی چاکـە و خراپە دەبێـتـە سەرەتای مەرگی مرۆڤ (ئادەم). تەورات دەڵێ: «خودای پەروەردگـار ئادەمی هێنا و لە بەهەشـتی عـەدنی دانا، تا بیکێڵێ و بایەخی پێ بدا. خوای پەروەردگار فەرمانی بە ئادەم کـرد و پێی گـوت: بخـۆ لەوەی، کە حـەزت لێـیـە لە هەموو درەختەکانی بەهەشت، بەڵام نەکەی لە بەری داری زانینی چاکە و خراپە بخۆی، چونکە ئەگـەر ئەمـەت کرد ئەوە بە مسۆگەری دەمری». (١٦)

* * *

هەمـوو یادگـارییـەک خـتـووکـە بە ڕوحـماندا دەهێنێ. ختووکەیەک کە هی شوێن و زەمەنی ڕابوردووە. شوێن و زەمـەنێک کە پڕە لە حـەسـرەتی گـەڕانەوە: گـەڕانەوە بۆ چێـــژی زەمـــەنی ڕابوردوو: منداڵـی، گـــەنجی، ڕووداوەکـان... تاد. لێـرەدا هەمـوو ئەزمـوونێکی کـەسی (شـەخـسی)، دەشێ ئەم چێـژی گـەڕانەوەیەمـان بۆ ساتەوەختە درەوشاوەکانی ڕابوردوو پێ ببەخشێ. ئێمە ڕابوردووی خـۆمـان خـۆش دەوێ، بەقـەد ئەوەی، کـە لە داهاتووی مەرگ و پیری نزیک دەبینەوە. ئێمە هەرچەند لە مـــەرگ دوور بین، ئەوەندەش ئەو ســاتانەی ژیانمان بەهای ڕاستەقینەی خۆیانیان هەیە؛ کەواتە ئێمە بۆیە لە مـەرگ دەترسین، چونکە عـەدەمـێکی حـەتمی ڕەهایە. ئەفسانە و ئایین دەیانەوێ ئەم یەقینەمان تێک بشکێنن: یەقینی عەدەمیەتی پاش ژیان.

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

**١- لویس - فانسان توماس، الموت، ت: مروان بطش (بیروت - الطبعة الاولی ٢٠١٢م). ص١٧٠.**

**٢- هەمان ژێدەر ل١٥٣.**

**٣- هەمان ژێدەر ل٥٨.**

**٤- هەمان ژێدەر ل١٢٢.**

**٥- أ.س. میغولیفسکي، أسرار الألهة و الدیانات، ت: د. حسان مخائیل اسحق (دارعلاءالدین، دمشق - الطبعة الرابعة ٢٠٠٩). ص ١٨٧.**

**٦- هەمان ژێدەر، ل ١٨٨.**

**٧ - ٨ - هەمان ژێدەر، ل١٨٧.**

**٩ - هەمان ژێدەر، ل١٦٢.**

**١٠- هەمان ژێدەر، ل١٥.**

**١١- هەمان ژێدەر، ل ١٨ - ٣٢.**

**١٢- هەمان ژێدەر، ل ١٤٦.**

**١٣- هەمان ژێدەر، ل ١٣٣.**

**١٤- ول دیورانت، قصة الحضارة، ت: د. زکي نجیب محمود (القاهرة - الطبعة الثالثة، ١٩٦٨)، المجلد الثاني (٣)، ص ٦٨.**

**١٥- هەمان ژێدەر، بەڵام ئەم جارە لە وەرگێرانی محەمەد بەدران، بەرگی هەشتەم (١٦)، ل١.**

**١٦- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس، العهد القدیم، التکوین (٢: ١٥ - ١٧)، ص١٠ - ١١.**